پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر پشتی وشترەکەی بۆئەوەی بەرەو سەفەر کردن دەربچێت، سێ جار تەکبیرەی دەکرد، وپاشان دەیفەرموو: (سبحان الذي سخَّر لنا هذا وما كنا له مُقْرِنِينَ وإنا إلى ربنا لـمُنْقَلِبُون)

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر پشتی وشترەکەی بۆئەوەی بەرەو سەفەر کردن دەربچێت، سێ جار تەکبیرەی دەکرد (دەیووت: الله أكبر)، وپاشان دەیفەرموو: «(«سبحان الذي سخَّر لنا هذا وما كُنَّا له مُقْرِنِينَ وإنَّا إلى ربِّنا لـمُنْقَلِبُون، اللهم إنَّا نَسْأَلُك في سفرنا هذا البِرَّ والتَّقْوَى، ومن العمل ما تَرْضَى، اللهم هَوِّنْ علينا سفرنا هذا واطْوِ عنا بُعْدَه، اللهم أنت الصاحب في السفر، والخليفة في الأهل، اللهم إني أعوذ بك مِن وَعْثَاء السفر، وكآبة الـمَنْظر، وسوء الـمُنْقَلَب في المال والأهل والولد)*». وئەگەر بگەڕایەتەوە هەمان شتی دەفەرموو، وئەمەیشی بۆی زیاد دەکرد: «(آيبون تائبون عابدون لِربنا حامدون)**». ولە گێڕانەوەیەکدا: ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بگەڕایەتەوە لە حەج وعومرە کردن، یان سەربکەوتایە بۆ سەر شوێنێکی بەرز یان گردێک، سێ جار تەکبیرەی دەکرد (دەیووت: الله أكبر)، وپاشان دەیفەرموو: «(لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، آيبون، تائبون، عابدون، ساجدون، لربنا حامدون، صدَق الله وَعْدَه، ونصَر عَبْدَه، وهزَم الأحزابَ وحده)^». ولە گێڕانەوەیەکدا: ئەگەر بگەڕایەتەوە لە جەنگ یان حەج یان عومرە کردن. *(پاك وبێگەردی بۆ ئەو خودایەی، کە ئەمەی بۆ ڕامکردووین (موسەخەر کردووین) وئێمەش دەسەڵاتمان نەبوو بەسەریدا، بەڕاستی لە دواڕۆژیشدا هەر بۆ لای ئەو خودایە دەگەڕێینەوە، خودایە ئێمە لەم گەشتەماندا داوای چاکە و خۆپارێزی وئەو کردەوانەت لێدەکەین کە تۆ پێی ڕازیت، خودایە ئەم گەشتەمان بۆ ئاسان بکە و دووریەکەیمان بۆ نزیك بکەرەوە، خودایە تۆ پارێزەرمان بە لەم گەشتەماندا وخانەوادەکەشمان بپارێزە، کە جێمان هێشتوون، خودایە من پەنات پێدەگرم لە ناڕەحەتی گەشت و شتێك کە ناڕەحەتمان بکات و -پەنات پێدەگرم- لە خراپی حاڵمان لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵ وخێزان)، **(گەڕاینەوە بە پەشیمانی لەتاوان، وهەروەها بە پەرستش بۆ خودا و سوپاسگوزار وستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان)، ^(هیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله)ی تاك و تەنیای بێ هاوەڵ نەبێت، موڵك وسامان وستایش بۆ ئەوە و بەسەر هەموو شتێکیشدا بە توانا و بە دەسەڵاتە، گەڕاینەوە بە پەشیمانی لە تاوان، هەروەها بە پەرستش بۆ خودا وسوپاسگوزار وستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان، خودا ڕاستی کرد لەگەڵ بەڵێنەکەیدا (و بەندەکەی خۆی سەرخست و خۆی بە تەنها کۆمەڵەی بێباوەڕانیشی تێکشکاند

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەوە ڕووندەکاتەوە لەم فەرموودەیەدا ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بیویستایە سەفەر بکات؛ دەچووە سەر پشتی وشترەکەی، ودەیووت: الله أكبر، سێ جار، وپاشان ئەم نزا مەزنەی دەفەرموو، کە گەلێک واتای مەزنی تێدایە وەکو پاک وبێگەردی خوای گەورە ودووری ئەو زاتە لە کەموکورتی، وهەروەها بێ پێویستی بوونی ئەو زاتە، وهەستکردن بە نیعمەتی خوای گەورە لەسەر بەندە، ودانپێدانان بە لاوازی بەندە وبێ توانایی وبێ هێزی وجەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بەندە بەردەوام پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە وداوا لەو زاتە مەزنە بکات -سبحانه وتعالى-، پاشان داواکردنی خێر وفەزڵ وتەقوا وسەرکەوتنی تێدایە بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی خوای گەورە پێی خۆشە ولێی ڕازییە، وهەروەها تەوەکول (پشت بەستن)ی بەندەی تێدایە بە خوای گەورە لە هەموو کاروبارێکیدا، وداواکردنی پاراستنی نەفس وخێزان وئاسانکردنی ناڕەحەتیەکانی تێدایە، وهەروەها پەناگرتنی بە خوای گەورە تێدایە لە شەڕ وزیانەکان؛ لە سەفەرەکەی بە سەلامەتی بۆ لای خاوخێزانەکەی بگەڕێتەوە بە جۆرێک تووشی هیچ زیان وناڕەحەتیەک نەهاتبن، وئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- لە گێڕانەوەیەکی تردا

دەیگڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە سەفەر بگەڕایەتەوە ئەم نزایەی دەفەرموو: (آيبون:گەڕاینەوە)، (تائبون:بە پەشیمانی لەتاوان)، (عابدون: وهەروەها بە پەرستش بۆ خودا)، (لِربنا حامدون:وسوپاسگوزار وستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان): سوپاسگوزارین بۆ سەلامەت بوون وگەڕانەوەمان، وئەگەر لە شوێنێکی بەرز بووایە، دەیووت: الله أكبر، ئەمیش وەکو سادەبوونێک -تواضعێک- بەرامبەر مەزنی خوای گەورە، چونکە لەوەیە مرۆڤ لە شوێنی بەرزدا نەفسی خۆی بە بەرز دابنێت وشەیتان وەسوەسەی بۆ دروست بکات بۆیە ئەم زیکرە دەووترێت، وپاشان فەرمووی: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له:هیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە -الله-ی تاك و تەنیای بێ هاوەڵ نەبێت): ئەمیش بۆ دانپێدانان بەوەی خوای گەورە تاکە لە خودایەتیدا -لە پەرستنیدا- ولە پەروەردگاریێتیدا و (لە ناو وسیفاتەکانیدا)، وخوای گەورە خۆشەویستانی خۆی ((ئەولیاکانی) وسەربازەکانی سەردەخات بەسەر کافر (بێباوەڕەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6003